

## نەجوا کەرەم:

# بە ئاواتم جارێکی دیکە کوردستان ببینمەوە

لەمیانەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ سایتی ئەلکترۆنی (مەوتنی) ئێراقی، هونەرمەندی ئەستێرەی لوبنانی نەجوا کەرەم رایگەیاند: سەردانەکەم بۆ کوردستان زۆر سەرکەوتوو بوو، هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبووم کە بەمجۆرە پێشوازیم لێدەکرێ، لەبەر ئەوە بە سەرکەوتووی دەزانم و هیوادارم جارێکی دیکەش ئەو هەلەم بۆ بڕەخسێ لەگەل جەماوەرەکەم لەشارەکانی کوردستان ئاهەنگ ساز بکەم. لەپرسیاری ئەوەی ئایا هیچ پرۆژەیەکی نییە هەمان ئاهەنگیش لە شارەکانی دیکەی ئێراق ساز بکات، نەجوا کەرەم دەڵێ: ئێستا هیچ پرۆژەیەکم نییە، ئەگەر لە دوارۆژ ئەو دەرفەتەم بۆ رەخسا، ئامادەم لەشارەکانی دیکەش ئاهەنگ بگێڕم.

**ئا: سەنگەر حوسێن**

---

## لە جیاتی مەرەکەب قەڵەم دار بەکاربهێنە!




داهێنەران خەریکی دروستکردنی پرێنتەرێکن کە لە جیاتی مەرەکەب، تیایدا قەڵەم دار بوکاردەهێنرێت و دوای پرێنتکردنیشی بە ئاسانی لاپەڕەکان سپی دەکاتەوە، لەو پرێنتەرە قەڵەم داری شکاو و بچووک دەخرێتە شوێنی تایبەت و دواتر دارەکە فرێ دەدات و کاکڵی قەڵەم دارەکە وەک مەرەکەب بەکاردەهێنرێت.

هەروەها ئەو پرێنتەرە دەتوانێت دوای چاپکردنی لاپەڕەکان نووسینەکان بسڕێتەوە و دووبارە لاپەڕەکە بەکارهێنێتەوە، لە بیرۆکەی دروستکردنی ئەو پرێنتەرە پاراستنی ژینگە رەچاو کراوە و پێویست ناکات لەمەو دوا داربڕدرێنەوە.

---

## حەوت رێگە بۆ پاراستنی دڵ



کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ دڵ، چەند رێنمایی و خاڵێکی خستۆتەڕوو کە حەوت خاڵی سادە لەخۆدەگرێت، بۆ پاراستنی دڵ لە نەخۆشییە جۆراو جۆرەکان. ئەو کەسانەی کە خاوەنی دڵێکی تەندروستو باشن بەم حەوت خاڵەی خوارەوە وەسف دەکرێت: جگەرە نەکێش، یان پێش ساڵێک وازی لە جگەرەکێشان هێناوە. هاوسەنگی باڵاو کێش، واتە هاوسەنگی لە نێوان باڵاو قورسی کێش هەبێت. ئەنجامدانی چالاکی جۆڵاو، چونکە هەرچەندە چالاکی زۆربێت بۆ دڵ باشە، ئەم چالاکییەش نابێت لە ١٥٠ خولەک لە هەفتەیەکدا کەمتربێت. پەستانی خوێن نابێت لە ١٢٠ لەسەر ٨٠ زۆرتربێت. شەکری ناو خوێن لەکاتی رۆژودا پێویستە لە ١٠٠ میلیگرام کەمتربێت. رێژەی چەوری گشتی دەبێت لە ٢٠٠ میلیگرام کەمتربێت.




هونەرمەند و مامۆستا (عومەر عەلی ئەمین)

# هەژاری هۆکارێکە بۆ تووشبوون بە نەخۆشی شێرپەنجە

توێژینەوەیەکی نوێ ئەوە دەردەخات کە هەژاری و کەمدەرامەتی و سەختییەکانی ژیانو پاڵنەرێکی باشن بۆ توشبوونی مرۆڤ بە نەخۆشی شێرچەنجە، لەو توێژینەوەیەدا کە چەند توێژینەوەیەکی نوێ ئەوە دەردەخات کە هەژاری و کەمدەرامەتی و سەختییەکانی ژیان و پاڵنەرێکی باشن بۆ توشبوونی مرۆڤ بە نەخۆشی شێرپەنجە، لەو توێژینەوەیەدا کە چەند توێژەرێکی بەریتانی ئەنجامیانداوە، دەرنجامی ئەو توێژینەوەیە ئەوەی دەرخستووە کە پەیوەندیەکی راستەوانە لەنێوان هەژاری و نەخۆشی شێرپەنجەدا هەیە، هەر بۆ



دەرخستنی ئەو راستییەش ئەو توێژینەوەیان ئەنجامداوە، لە توێژینەوەکەشدا (٢٤٦) ئافرەت بە نمونە وەرگیراوە، دوای لێکۆڵینەوە ئەوە دەرکەوتووە کە ئەو ئافرەتانەی لە باری هەژاری و نەبوونیدا ژیان دەگوزەرێنن ئەگەری توشبوونیان بەنەخۆشییەکانی شێرچەنجە زیاترە لەوانەی لە ئاستێکی گوزەرانی باش ژیان بەسەردەبەن، توێژەرێکی بەریتانی ئەنجامیانداوە، دەرئەنجامی ئەو توێژینەوەیە ئەوەی دەرخستووە کە پەیوەندیەکی راستەوانە لەنێوان هەژاری و نەخۆشی شێرپەنجەدا هەیە، هەر بۆ دەرخستنی ئەو راستییەش ئەو توێژینەوەیان ئەنجامداوە، لە توێژینەوەکەشدا (٢٤٦) ئافرەت بە نمونە وەرگیراوە، دوای لێکۆڵینەوە ئەوە دەرکەوتووە کە ئەو ئافرەتانەی لە باری هەژاری و نەبوونیدا ژیان دەگوزەرێنن ئەگەری توشبوونیان بەنەخۆشییەکانی شێرپەنجە زیاترە لەوانەی لە ئاستێکی گوزەرانی باش ژیان بەسەردەبەن.

# هەیفا جارێکی دیکە (فەوازیر) پێشکەش ناکات



نووسینگەی ئەستێرەو خانمە گۆرانیبێژی لوبنانی هەیفا وەهبی روونیکردەوە کە لەلایەن تەلەڤزیۆنی "الحیاە" داواکاری پێشکەش بە هەیفا کراوە بۆ پێشکەشکردنی فەوازیر، بەڵام هەیفا ئەم داوایەی رەتکردۆتەوە لەبەر چەند هۆیەکی تایبەت، بۆیە نووسینگەی هەیفا هەموو ئەو هەواڵانەی رەتکردەوە کە لە رۆژنامەو گۆڤارەکان بڵاوکرانەوە، وابڕیارە هەیفا وەهبی گەشتێک بۆ ئەمریکا بکات لە ٢٧ی شوبات تاکو ١٣ ئادار لەم گەشتەدا سەردانی هەریەک لە ویلایەتەکانی، هیوستن، نیوجیرسی، لاس فیگاس بکات.

**ئا: هیوا**

---

## کورترین پیاو!



پیاوێکی نیپاڵی کە باڵاکەی تەنیا ٥٦ سانتیمەترە، بۆ بەدەستهێنانی ژمارەی پیاوەنەیی کورترین پیاوی جیهان، دەچێتە ئەوروپا.

بە پێی هەواڵێکی بی بی سی، خاگەندرا تاپا ماگار لەگەڵ باوکی و یەکێک لە لایەنگرانی دەچێتە ئیتاڵیا تاکو وەک کورترین پیاوی جیهان، بەڵگەی خۆی پێشکەش بکات، بنەماڵەی خاگەندرا لە تەمەنی ١٤ساڵی، داوایان لە دامەزراوەی گینس کردبوو، ناوی ئەو وەک کورترین پیاوی جیهان تۆمار بکات، بەڵام ئەم گینس ئەوەی رەتکردبۆوە، چونکە ئەگەری ئەوەی دەدا خاگەندرا گەورتر ببێت.

لە کاتی ئێستادا، ژمارەی پێوانەیی کورترین پیاوی زیندووی جیهان لەدەست (هێ پینگ پینگ)ی چینی دایە کە ٧٣سانتمەتر درێژایەتی.

ژمارەی پێوانەیی مێژوویش، لەدەست گوڵ محەمەدی هیندییە کە ٥٧ سانتیمەتر بووە، خاگەندرا ماگار و باوکی بە راگەیاندنەکانی نیپاڵیان گوتووە، دەیانەوێت لەبەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی ئیتاڵیا سەبارەت بە بەدەستهێنانی ژمارەی پێوانەیی قسە بکەن،خاگەندرا لە ساڵی ١٩٩٢ لە نیپاڵ لەدایکبووە، ئەو لە ٨ ساڵی وەسەر پێکەوت و لە ١١ساڵیش چیتر هەڵی نەداوە.




## پیرۆزە

بەبۆنەی داگیرسانی دووەم مۆمی تەمەنی، بەناوی ستافی گۆڤاری هەرێمی کوردستان پیرۆزباییەکی گەرم ئاڕاستەی (ئارێز)ی کوڕی هاوکارمان ئاری رەمەزان دەکەین، بەهیوای تەمەنێکی درێژ.





# شێوازەکانی ماکیاژکردن

ماکیاژکردن شێوازی تایبەتی خۆی هەیەو دەبێت بزانیت چ کاتێک و لە چ جێگەیەکدا کەرستەکانی جوانکاریی بەکاردەهێنیت، بەجۆرێک ڕێزی دەوروبەرەکەت بگرێت. ١.بەهیچ جۆرێک لەشوێنی گشتی و لەشوێنی کارەکەت کە خەڵک بتبینێت ماکیاژ مەکە، چونکە ئەوە بەشێکە لەکارە تایبەتییەکانت.

٢.بۆنێک هەڵمەبژێرە کە دەورووبەرەکەت بێزار بکات، هەروەها لەبەردەم کەسانی تردا بۆن لەخۆت مەدە. ٣.ئەگەر هەستت کرد لەبۆنەیەکدا ماکیاژەکەت کاڵ بووەتەوە، ئەوا بەبێ ئەوەی کەسانی تر هەست بکەن بچۆ ئەو جێگەیەی تایبەتە ماکیاژکردن.

٤.ئەگەر لەشوێنێکی گشتیدا ئاوێنەت بینی زۆر مەچۆرە بەردەمیو سەیری خۆت مەکە. ٥.بۆ هەر بۆنەیەک ماکیاژی تایبەتی دیاریی بکەو زیادەڕۆیی مەکە لەبەکارهێنانی کەرستەکانی جوانکاریدا.

٦.ئەگەر پێستت چەور بوو هەمیشە لەجانتاکەتدا بۆدرەی تایبەت هەڵبگرە. ٧.ئەگەر چاوەکانت نەخۆشی و هەستیاریان هەبوو با هەمیشە قەترەی تایبەتت پێبێت و مەهێڵە سوور هەڵبگەڕێن.

**ئا: ڕۆنیا**



# چوار ڕێنمایی بۆ مانەوەی ژیانی هاوسەرگیری

**١- تێڕوانینی ڕاستەقینانە:** پێویستە ژنان بە تێڕوانینێکی ڕاستەقینانە بڕواننە کێشەکانیان لەگەڵ هاوسەرەکانیان، کە زۆر جار ئەو کێشانە دەبنە هۆی خولقاندنی جۆرێک لە کەشی ڕاستگۆیی و دیالۆگی کراوە لە نێوان ژن و مێرد بۆ گفتوگۆکردنی کێشەکانی نێوانیانو دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو.

**٢- خۆت بەدوور بگرە لە گەورەکردنی کێشەکان:** کێشەکان گەورە مەکە، پێویستە وشەی ڕەق و نابەجێ بەرامبەر هاوسەرەکەت بەکارنەهێنیت و کێشەو نارێکییەکانی پێشووی نەهێنیتەوە یاد، چونکە وشەی ناشرین و دەستەواژەی ڕەق تەنانەت دوای کۆتایی کێشەکان ڕەنگدانەوەیان هەر دەبێت.

**٣- لەیەکترگەیشتن:** تێگەیشتن لە سەرچاوەی کێشەو گرفتەکان، ئایا هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ لێکتێنەگەیشتن لە مەسەلەیەک، بۆیە دەبێت ڕاستگۆیانەو بابەتیانە، بەبێ گرژی و هەڵچوون لە کێشەکان بکۆڵێنەوە، لەبەرئەوەی بێدەنگی و گفتووگۆنەکردنی بابەتە کێشەییەکان بواری لێکنەگەیشتن و ئاستی ناکۆکیەکان زیاتر دەکەن

**٤- بەردەوام گلەیی خۆشەویستان جیادەکاتەوە:** هەوڵی ئەوە مەدە زۆر باسی مێردەکەت بکەیت، یان کەمی و هەڵەکانی بۆ ئاشکرابکەیت،لە پێناوی دۆزینەوەی هەڵە و کەلێنەکان بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵوێستەکانی خۆتو لەبەرامبەردا دەرخستنی کەمتەرخەمیەکانی ئەو، ئەمە والە هاوسەرەکەت دەکات وەک ئەوەی کەسێکی تاوانبارە و دەبێت بەرگری لە خۆی بکات، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا کەللە ڕەقی و ڕەتکردنەوەو سووربوونی زیاتر لەسەر هەڵوێستەکانی زیاتر دەکات.

**ئا: شەیدا**



## بامیه

جۆرێکە لەو سەوزەمەنیە ئارەزووکراوانەی کە هەمیشە داواکاری لەسەری زۆرەو سەوزەیەکی وەرزیە، شێوەیەکی درێژ و قوچەکی و کەلوییە بەگەندە موویەکی نەرم داپۆشراوە، مرۆڤ هەر لە دێر زەمانەوە ئەم رووەکەی ناسیووە، لە سەردەمی رۆمەکاندا چیبندراوە وێنەی لەسەردیواری فیرعەونیەکان نەخێشنراوە، نیشتمانی رەسەنی بامییە ناوچە گەرمەکانی ئەفریقیایە، لە ساڵی ١٢١٦ی زاینی لە ئەوروپا چێندراوە، بامییە یەکێکە لەو سەوزە دەوڵەمەندەی لە توخمەکانی وەک کالیسیۆم و مەگنسیۆم و فۆسفۆرد هەندێک ماددەی کانزای بڕێکیش لە ڤیتامینەکانی ریبۆفیلافین، سیامین و ڤیتامین (A.C) جگە لەبوونی بڕێک ٪ ٢٠ لە رۆنێک تێدایە، بۆ خواردن دەشێت هەرچەندە خۆراکێکی چاکە، بەڵام بۆ هەندێک دەبێتە هۆی ماندوکردنی گەدە و هێلنج، بەهۆی بوونی ماددەیەکی لینج تیایدا، بامییە بە چەند شێوەیەک لێدەندرێت، هەروەها ووشک دەکرێت وە هەڵدەگیرێیت بۆ وەرزی زستانە، سەرەڕای ئەوەی لەلاسک و تۆوەکەیدا جۆرێک ریشاڵ هەیە کە لە پیشەسازی کاغەزدا بەکاردێت.

**ئا: هیام حاتم**

## سوید.. بووکی ڕازاوەی ئەسکەندەنافیا

سوید یەکێکە لە وڵاتە ئەسکەندەنافیە ئەوروپییەکان کە دەکەوێتە ناوەڕاستی کیشوەری ئەوروپا و بەسێیەمین وڵاتی یەکێتی ئەوروپا هەژمار دەکرێت، پایتەختی ئەو وڵاتە ستوکۆلهمە و پارەکەشیان کرۆنە، ئەو وڵاتە لەگەڵ هەر یەک لەوڵاتانی دیکەی وەک نەرویج و فنلەدە و دانیمارک و هاوسنوور زمانی فەرمی قسەکردنیشی تەنها سویدیە، سیستەمی حوکمڕانی لەو وڵاتە مەلەکی دەستووریەو سەرۆکی وڵات (مەلیک کارلی شانزەم گوستاف )ە وسەروکی حکومەتیش (فریدریک رینفلت)ە، ژمارەی دانیشتووانی سوید بەپێی ئاماری ساڵی (٢٠٠٧) (٤٠٥،٠٠٦،١٣) ملیۆن کەسە و زۆرترین خەڵکیش لە (ستوکۆلهم)ی پایتەخت دادەنیشن کە گەورەترین شاری ئەو وڵاتەیە، ئەم وڵاتە لەڕووی ئابوورییەوە پشت بەگەشتوگوزار و کشتوکاڵ وپەروەردەکردنی ئاژەڵ دەبەستی، تەنها لەوڵاتی سویدا( ٨) پشووی ساڵانە هەیە وەک سەری ساڵی زایینی وجەژنی غەتاس وجەژنی گوڵ وگوڵزاروجەژنی کرێکاران و..هتد.

ئێستاش زۆرترین پەنابەری کورد لەو وڵاتە ژیان بەسەر دەبات، بەتایبەتی لەشاری (ئویساله) .

**ئا: ئەحمەد سەرهەنگ**



## کلیپ و مزگێنی هەڤاڵ



هونەرمەندی دەنگخۆش (هەڤال ئیبراهیم) بەگۆڤارەکەمانی راگەیاند، گووتی ئێستا سەرقاڵی کلیپکردنی یەکێک لە گۆرانیەکانی سیدیە تازەکەمم ئەویش بە ناوی (ئەزیزە) یەکە لە هۆنراوەی خۆم و سەلمان شێخ مەمە و ئاوازەکەشی فۆلکلۆریە، حەزدەکەم ئەوە بڵێم کە ئەم گۆرانیەم بە ستایلێکی نوێوە گووتوە، بۆیە دەمەوێت کاری بەدەرکەوتنم لە کلیپە کە جیابێت لەگەڵ کارەکانی پێشوو ئەمجارە بە شێوازی کۆمیدیانە بە دەردەکەوم، کاری وێنەگرتنی کلیپەکە لەلایەن دەرهێنەر(حوسێن حەسەنە) ئەنجامدانی وێنەگرتنەکەش لەکوردستانی خۆشەویستە ئەویش کە هەردوو شاری دهۆک و هەولێر لە خۆدەگرێت، هیوادارم بێتە کارێکی دڵخۆش بۆ من موژدە دەدەمە هاودارانم کە پاش تەواوبوونی کلیپی (ئەزیزە) کار بۆ کلیپکردنی گۆرانیەکی دیکەم دەکەم، کە ئەویش هەر لە ئەلبوومە تازەکەمە ناوی گۆرانیەکەش (بەدرۆ مەژی)یە هۆنراوەکەی لەلایەن کاکە مزەفەر شاکرە، داندراوە، زۆر بەداخەوە ماوەیەک پێش ئێستا کۆچی دوایکرد، ئاوازەکەشی لەلایەن کاک (کامەران)ەوە داندراوە گۆرانیەکەش بەشێوەزاری سۆرانی گوتوومە .

**ئا:شەمال دیلان**



# دووانە لەیەکچووەکان بە وێنە

دووانەکان، واتە ئەوانەی کە بەیەک سک لەدایکدەبن، زۆرجار دەبنە جێگەی سەرنج و ڕووداوی سەیرو جۆراوجۆریان لێ دەگێرنەوە، هەندێک جاریش وەک بیستومانە لەکاتی تاقیکردنەوەو بۆنەو ئاهەنگەکاندا، دووانەکان کەسانی بەرامبەریان هەڵخەڵەتاندووە.

لەماوەی ڕابردووشدا لە یەکێک لە ولاتانی ئەوروپا دووانەیەک بۆ ماوەیەکی زۆر چێشتخانەیەکیان بەڕێوەدەبرد، بێئەوەی دەوروبەر هەستی پێبکەن، چێشتخانەکەش ٢٤ کاتژمێر لەکاردابوو، تا وایلێهات خەڵکی سەریان سوڕمابوو لەوەی چۆن کەسێک دەتوانێت ماوەی ٢٤ کاتژمێر ئیش بکاتو هیچ پشوو نەدات، بەڵام دواتر ڕۆژنامەنووسێک ئەونهێنییەی ئاشکراکرد.

## بڕوانامەیەکی دکتۆرا لە کۆلێژی زانستی تاوتوێکرا

هەفتەی ڕابردوو لە کۆلێژی زانست، بەشی زانستی بایۆلۆجی لە زانکۆی کۆیە، بڕوانامەی دکتۆرای زانستی بەخشرایە، خوێندکار (حەیدەر ئیسماعیل ناسراو بە مامۆستا ڕێبوار، لە ژێر ناونیشانی




EC- AND BIOLOGICAL)
OF STUDIES OLOICAL
RE- AND BEETLE KHAPRA
ON BEETLE FLOUR DRUST
(SPICES OF NUMBER A

دوای تێپەڕبوونی (٤) کاتژمێر گفتوگۆکردن، بە پلەی نایاب دەستنیشانکرا،

شایەنی باسە لیژنەکە پێکهاتبوون لەم بەڕێزانە.

١- د. نەبیل عەبدولقادر (سەرۆکی لیژنە)
٢- د. شەماڵ عەبدوڵڵا مفتی (ئەندام)
٣- د.عەدنان شێخ موسا (ئەندام)
٤- د.منیف عەبد حوسێن (ئەندام)
٥- فازڵ عەباس ئەلبیاتی (ئەندام)

پیرۆزە.

## ساڵنامەی گەلەری و خۆشنووسی هەژار





## پیرۆزە

بەبۆنەی داگیرسانی چوارەم مۆمی تەمەنی، بەناوی ستافی گۆڤاری هەرێمی کوردستان پیرۆزباییەکی گەرم ئاڕاستەی خاتوو (هێڤی) کچی هاوکاری ڕۆژنامەنووسمان ئومێد نانەکەلی دەکەین، هیوادارین تەمەنی درێژ بێت.

# ماجد موهەندس بوو بە سعودی

پاش گوتنی سروودێکس بۆ مەملەکەتی عەرەبی سعودی حکومەتی ئەم وڵاتە وەک ڕێزلێنانێک ڕەگەزنامەی سعودی دا بە گۆرانیبێژی عێراقی ماجد موهەندس، بەگوێرەی یاسای عەرەبستانی سعودی هەر هاووڵاتییەک تەنها بۆی هەیە ڕەگەزنامەی سعودی هەبێت ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ماجد ئێستا هاووڵاتییەکی سعودیە، پاش بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە جەماوەرو دەزگا ڕاگەیاندنەکانی عێراقی هێرشێکی توندیان کردەسەر ئەم گۆرانیبێژە بە ناپاک و خائین لە قەڵەمیاندا.

**ئا: ڕەوەند**





## چی دەزانی سەبارەت بە:

# گڕکانەکان

*** کاتی تەقینەوەی گڕکانەکان ئەم مادانەی لێوە دەردەچن:**

١- وەردەوەبووی بەردی: لەسەرەتای تەقینەوەی گڕگانەکان لەناخی زەوییەوە بەرەو سەرەوەی وردەوەبووی بەردی ڕەقی هەمە جۆر هێرش دەبات.

٢- گازەکان: لەکاتی چالاکی ئەو گڕکانە گازێکی لێوە دەردەچێت ئەو جۆرەش کە زۆرجار وەکو دووکەڵێکی گەورە دەبینرێت و لەگەڵ تۆزو مادە گازییەکانی دی تێکەڵ دەبێت.. دەبێتە هۆی ڕێگرییەک لەتیشکی هەتاو و پلەی گەرمی لەبەرگی هەوادا دادەبەزێت و زۆرجار باران بارینێکی لەسەر چاڵە گڕگانەکان دروست دەبێت.. ئەو جۆرە گازییانەی کە لەناو سکی زەوی و گڕگانەکانەوە دەردەچێت بریتین لە: "هەیدرۆجین، کلۆرین، کبریت، نیترۆجین و کاربۆن و ئۆکسجین".

٣- ئەللافا: مەبەست لێی ئەو پارچە شلەییانەیە کە بەهێزێکی خێراوە لەدەمی گڕکانەکانەوە بەرەو ئاسمان دەردەچێت، کە پلەی گەرمییەکەی لەنێوان (١٠٠٠ ـ ١٢٠٠) پلەی سەدەییە..

* زیاتر ئەو جێیانەی چاڵە گڕکانەکان لەخۆدەگرێت:

کەنار زەریای هێمن، کە لەکەناری ڕۆژهەڵاتیەوە تا بەرزاییەکانی ئەندیزو تا ئەمەریکای ناوەڕاست و مەکسیک و هاوای و بەرزاییەکانی ڕۆژئاوای ئەمەریکاو ڕۆژهەڵاتی کیشوەری ئاسیاو یابان و فلیبین و ئەندونیسیا و نیوزلەندە دەڕوا.

باشووری ئەوروپا کە دەڕوانێتە سەر دەریاری ناوەڕاست بۆ نموونە فیزۆف نزیک نابۆلی لەئیتاڵیا و بەرزاییەکانی ڕۆژئاوا نموونەی ئارارات و یۆزنز. و ڕۆژهەتی ئەفریقیا بۆ نموونە کلمانجاور و زۆری دیکە.

**ڕۆشنا عەلی**

**(کۆتایی)**

## لەکۆبوونەوەیەکی بازرگانیدا

# ستایشی کۆمپانیای بی پلانی بەریتانی دەکرێت

**ئا: شڤان نانەکەلی**

لە کۆبوونەوەی هاوبەشی ژووری بازرگانی هەولێ و کونسوڵخانەی بەریتانیا لە هەولێر، کە ڕۆژی ٢٣ فێبرایەری ٢٠١٠ بەسترا، کونسوڵی بەریتانیا لە هەولێر ستایشی دەسکەوتەکانی کۆمپانیای بی پلانی B-Planی بەریتانی کرد لە عێراق، ناوبراو هیوای دووبارکردنەوەی ئەزموونی ئەو کۆمپانیایەدا بۆ جێبەجێکردنی هەندی پڕۆژە، ئاماژەی به پسپۆری و شارەزایی کۆمپانیاکەکرد، کە وێڕای ئەوەی چەند پڕۆژەیەکی گەورەی لە بەریتانیا جێبەجێ کردووە، لەهەمان پڕۆژەی گەورەشی لە عێراق ئەنجامداوە، ئەمەش لە ژێر بارودۆخێکی سەختی ئەمنیدابووە، ستایشکردنی ڕۆڵی بێ پلان لە پەراوێزی ئەو کۆبوونەوەیەبوو، کە ژووری بازرگانی هەولێر بەهەماهەنگی کونسوڵخانەی بەریتانیا لە هەولێر بۆ چەند کۆمپانیاییەکی هەرێمی کوردستان ڕێکخرابوو، کە سەرۆکی ژووری بازرگانی سلێمانی و بەرپرسی بەشی بازرگانی لە باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە بەغدا ئامادەبوون و تاوتوێ چۆنییەتی پەرەپێدانی پەیوەندی بازرگانی و ئابوری لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەریتانیا کرا، سەرەتا بەڕێز دارا جەلیل خەیات بەرپرسی ژووری بازرگانی هەولێر، خواستی کۆمپانیاکانی هەولێری بۆ پەیوەندی بەستن لەگەڵ کۆمپانیاکانی بەریتانیا روونکردەوە، داوای لە کونسوڵی بەریتانیا لە هەولێر و بەشی بازرگانی لە باڵیۆزخانەی بەریتانیا کرد، ئاسانکاری پێویست بۆ دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان کۆمپانیاکانی هەردوولا بکەن، دواتر جێرمی مەکادی کۆنسوڵی بەریتانیا لە هەولێر لە وتەیەکدا خۆشحاڵی خۆی بەم هەنگاوە خستەڕوو، ئاماژەی بە دەسگەرمی حکومەتی بەریتانیا دا بۆ توندتۆڵکردنی پەیوەندی بازرگانی و ئابووری لە گەڵ عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی، هیوای خواست ئەزموونی هاوشێوەی کۆمپانیای وەک بی پلان زۆر بێت، کە وێڕای نالەباری بارودۆخی عێراق توانیویەتی چەند پڕۆژەیەک لە بواری تەکنەلۆجیای زانیاری لەسەرتاسەری عێراقی ئەنجامبدات، لەدواجاریش شێرکۆ عابد بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای بی پلان تیشکی خستە سەر ئەزموونی کۆمپانیاکەی لە جێبەجێکردنی ئەو پڕۆژانە، ئامادەیی کۆمپانیاکەشی خستەڕوو بۆ پێشکەشکردنی خزمەتی زیاتر، بەتایبەتیش کە ئێستا سەرقاڵی گواستنەوەی ئۆفیسی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی کۆمپانیای بی پلانن لە عەممانەوە بۆ هەولێر بۆ ئەوەی لێرەوە سەرپەرشتی سەرجەم پڕۆژەکانیان بکەن. ئەو ئامـاژەدانە بە ڕۆڵی کۆمپانیای بی پلان هاوتایە لەگەڵ ئەو ستایشکردنەی لۆرد ماندلسۆن وەزیری دەوڵەتی بەریتانیا بۆ کاروباری بازرگانان، کە لەساڵی ٢٠٠٩ لە مونتەدای لەندەن بۆ وەبەرهێنان و دامەزراندنەوەی ژێرخانی ئابوری عێراق پێشکەشی کرد، لەمبارەیەوە گوتی:کۆمپانیاکانی بەریتانیا شارەزایی و ئەزموونێکی باشیان هەیە بۆ یارمەتیدانی عێراق لە جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی تایبەت بە بوژاندنەوەی ژێرخانی سەرەکی عێراق و گەیشتن بە خەونەکانی عێراق بۆ دوارۆژ، هەر لە بواری ئاوەدانکردنەوەو چاودێری تەندروستییەوە بگرە تا دەگاتە ئاو و گواستنەوەو ئاسایش و بەنکداری و بیمە، گەیاندنی شارەزایی و تەکنەلۆجیای بەریتانی، کە دەستی ئەم وڵاتە دەگرێت لە بوارە سەرەکییەکانی ئابوری لۆرد ماندلسۆن بۆ ئەم لایەنەی قسەکانی ئاماژەی بە کۆمپانیای بی پلاندا، کە سیستەمی ئەلیکترۆنی بۆ گەورەترین بانکی عێراقی داناوە، لەڕێگەی تەکنەلۆجیایەکی بەریتانی پڕۆگرامی ئەلیکترۆنی بانکداریان بۆ ١٥٥لقی بانکی رافیدێن داناوە، لەڕێگەی ئەم تەکنەلۆجیایەش لەمەودوا کۆمپیوتەر بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ملیۆنەها کەس بکەن، کە مامەڵە لەگەڵ بانکەدەکەن، بەم هەنگاوەش ئەو دامەزراوانە دەتوانن دەستەبەری زانیاری و تەکنەلۆجیاو خزمەتگوزاری بانکداری بکەن.



فۆتۆ: ڕەوەند فازڵ




هەفتەنامەیەکی کلتووری- ڕۆشنبیرییە، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان دەریدەکات

جێگری سەرنووسەر
محەمەد وەسمان

بەڕێوەبەری نووسین
هێمن حەساری

بەڕێوەبەری هونەری
کاوە فاروق

بەڕێوەبەری کارگێڕی
نەهرۆ عوسمان

دەستەی نووسەران
ئیسماعیل خالید گەلاڵی
هاوژین عومەر
هێمن نوری
عەلی شێخانی
ئەژی چەتۆ
بەهرام محەمەد (کاکل)
محەمەد سەعید کوردە
عیماد قادر
شیڤان شێرزاد

بەرپرسی پەیامنێران:
تەلار نادر

ژمێریاری:
نەجیبە سەلیم

پەیوەندییەکان
یاسین تەها
07504673807

www.heremikurdistan.com
heremi_kurdistan@yahoo.com
ghkurdistan@gmail.com

ناونیشان:
هەولێر -40 مەتری
نزیک فولکەی کشتوکاڵ

نرخ (500) دینار